**بانگەوازێك بۆ**

**سەرجەم هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی یەكسانیخوازی ژنان**

**تەواوی ئەو كەسانەی ئەیانەوێت ژنان وەك ئینسان بژین**

**هەموو نوسەران , هونەرمەندان , شاعیران و پیاوانی ئازادیخواز كۆڕو كۆمەڵە مەدەنی و سایت و دەزگاكانی ڕاگەیاندن**

**بەڕێزان**

هەموو ئاگادارین كەچۆن ئەوروپاش وەك دۆزەخێكی لێهاتووە بۆ ژنان و هەموو ڕۆژێ لە دەزگاكانی ڕاگەیاندنە جیهانی و محەلیەكانەوە هەواڵی قەسابی و سووتانی ژمارەیەك ژن دەبیستین , هەموو دەبینین چۆن سەرەتاییترین ماف بۆ ژنان دەبێتە مایەی كوشتنیان و لە مەرگیشیان گەورەترین كارەساتی ئینسانی دەخولقێنن بەدیار چاوی كۆمەڵگاوە , هەموو دەبینین چۆن لە ئەوروپا ژن كوشتن بە دەستی باوك , برا , مام , مێرد , خزم و كوڕی عەشرەت و بنەماڵە بەڕێوە دەچێت وخەریكە دەبێتە مۆدێل. بەریتانیا , دانیمارك , سوئید , نەرویج , فلەند , ڕۆژی 26 / 10 / 2006 ئەڵمانیاش بوویە شانۆی دزێوترین ژنكوژی و دەستی ڕەشی پیاوسالاری و كۆنەپەرستی گیانی " ساباتی " كردە خۆراكی بێمافی و جەهالەتی ئەخلاق و ناموس پەرستی , قەسابی كردن و سووتاندنی جەستەی " سابات " لەبەر چاوی مناڵەكەی قۆناغی ژنكوژی بردە ئاستێكی باڵاو ترسناكەوە , وەك چۆن لە كوردوستان بڕینی لووتی " كەژاڵ خدر " بوویە زەنگێكی ژەهراوی بۆ سەرجەم ژنان و كۆمەڵگا . ڕادەی مەترسیداربوونی ئەم هەلومەرجە سەختەی ژنكوژی لەئەوروپا بەشێكی بەندە بە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە بە ئاشكراو لە نێو بازاڕ و گەڕەك و جێگا گشتیەكاندا لە كاتێكدا تاوانبار دەزانێت كە دەستگیر دەكرێت و دەبرێتە دادگا و زیندانی دەكرێت , لە ئەوروپا زوڵم و بێمافیەك كە بەسەر ژناندا فەرز كراوە لەلایەن بیرو باوەڕی كۆنەپەرستانەو دەمارگیری قەومی و مەزهەبییەوە , تەنها بەكوشتن و سووتاندنی جەستەیان سنوردار نابێتەوە , زۆرن ئەو ژنانەی كە بە جل و بەرگی مەدەنیەوە لە كوردوستانەوە سەفەر دەكەن بۆ ئەوروپاو لێرە بەزۆر سەرپۆش و حیجابیان بەسەردا دەسەپێنن , زۆرن ئەو ژنانەی چوونە دەرەوەیان بەتەنها مەحاڵەو دەست و قاچ شكانی لەسەرە , زۆرن ئەو ژنانەی تەنانەت كارتی بانكەكانیان بە خۆیان نییەو خاوەنی هیچ بڕیارێك نین , ئەم دۆزەخەی بۆ ژنان ناوی نراوە ژیان هەرگیز شایستەیان نییەو ژنان و كچان بە سەدان جۆر ڕۆژانە نەفی خۆیان ڕادەگەیەنن , ڕۆژانە تەنها غافڵ بوونی چاوی ترس و تۆقاتدن بەسە بۆ ئەوەی سەدان گرێی سەرپۆش شل بكرێتەوەو سەدان قۆپچەی حیجابی بەزۆر داخراو بترازێنرێت , ژنان ئەم ژیانەیان ناوێت , چونكە دەزانن هەرمافێكی ئەوان بەقیمەتی ژیان و ئازار و داركاریانە , بەڵام تەنها ئەوەندە بەس نییە كە ژنان ئەم ژیانە بە شایستەی خۆیان نەزانن , ڕزگاربوونی ژنان خەبات و هەڵسوڕانی دەوێت ئەم كارەش ئەركی كەسانێكە كە خۆیان بە مەسئوول دەزانن بەرانبەر ژنان و كۆمەڵگاو ئەم ناعەدالەتیەو كوشتارگایە .

بەرگری كردن لەژنان و مافەكانیان ئێستا لەهەموو كات زیاتر زەمینەی واقیعی و جیدی پەیداكردووە , چونكە هیچ كاتێك وەك ئێستا لە ئەوروپا ژن كوشتن و ئیهانە كردنیان فراوان نەبووە , ژنان بۆ ئەوەی لەم دۆزەخە ڕزگاریان بێت پێوویستیان بەوە هەیە هەست بە پشت و پەنا بكەن , كەسانێك ببینن بەرگریان لێدەكەن و دەچن بەدەمیانەوە , لە ئەوروپا " ڕێزگرتن لە كلتورە جیاوەزەكان " و لە كوردوستان دەسەڵات و مەزهەب و قەومپەرستی و پیاوسالاری هۆكاری سەرەكی ڕۆژ ڕەشی ژیانی ژنانن , بۆیە هەڵسوڕان و خەبات كردن بۆ ڕزگاری و بەدەستهێنانی مافەكانی ژنان دەبێت لە دوو ئاستدا بەڕێوە بچێت , كوردوستان چەندە مەیدانێكی گرنگە بۆ بەرگری لە ژنان بەو ڕادەیەش ئەوروپاو دەرەوە هەمان گرنگی هەیەو هەمان كارو هەڵسوڕانی دەوێت .

دیاردەی ژنكوشتن جیهانی بۆتەوە و دەستی كۆنەپەرستی و پیاوسالاری گەشتۆتە هەموو كون و كەلەبەرێكی ئەم جیهانە , بۆیە هەڵسوڕان و بەرگری كردن لە مافەكانی ژنانیش دەبێت سەراسەری و جیهانی بێت , ئەگەر ژنكوژان پشت بە دەیان بەند , كلتور , یاسا , پیاوسالاری , مەزهەب , شەرەف , قەومپەرستی , دەبەستن هەر بەو ڕادەیەش هاوئاهەنگی و كاری هاوبەشی هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی ژنان و تەواوی ئینسانە ئازادیخواز و پێشكەوتوخوازەكان ئەمڕۆ بۆتە كارێكی حەیاتی و گرنگ , بۆیە خەبات بۆ مافەكانی ژنان ئەوەمان لێدەخوازێت تواناكان كۆكراوەتر بن تا كاریگەریەكانیان زیاتر و كۆمەڵایەتیتر بێت .

من بەم نامەیە بانگەوازی هەموو ئەو كەس ولایەن و دەزگایانە دەكەم كە لەسەرەوە ناوم هێناون نوكی كار و هێزەكانمان بكەینە قەڵغانی پاراستنی گیانی ژنان و گێڕانەوەی ئینسانی بوون بۆیان , با هەوڵ بدەین كاری تاك و پرش و بڵاومان بكەین بە

**بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و گەورە کە لە ئەورپاو لە کوردوستانیش دەوری کاریگەرو چارەنووسازمان هەبێت لەسەر باشترکردنی ژیانی ژنان و کۆتایهێنان بە کوشتن و پلە دووبوونیان , کۆبونەوە لە دەوری ئەم دوو داواکاریە بەڕەئی من دەتوانێت تای تەرازوی ئینسانی بوونی ژنان بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە و قۆناغێگی گەورەش لە خەبات و تێکۆشانی بزوتنەوەی ژنان بەرێتە پێشەوە .**

**یەکەم : خەبات بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان لە کوردوستان .**

**دووەم : خەبات بۆ یەکسانی یاسای و کۆمەڵایەتی ژنانی پەنابەران و ژنانی ئەوروپای , ڕێگانەدان بەجیاکاری لە ژێر ناوی " ڕێزگرتن لە کلتورە جیاوازەکان" ئەم دوو خواستە دەرگای ژیانێکی تازەو ئینسانی لەژنان دەکاتەوە , با بۆ کردنەوەی ئەم دەرگایە دەستەکانمان بخەینە دەستی یەك و ئایدۆلۆژیاو دەمارگیری بەری چاومان نەگرێت , با ئەم کارە بکەین .**

**هیدایەت مەلا عەلی**

**دانیمارك**

hidayat_malaali@yahoo.com